خولی ئینگلتەرا... ئارسنال لە نێتینگهام یەکسان بوو



لە خولی ئینگلتەرا ئارسنال دوو خاڵی گرنگی لەدەستدا بەڵام لە پێشێنگدایە و تەتنهام بە وەستهام دەڵا و سەندەرلاند لە کریستاڵ پاڵاسی بردەوە.

لە یاریيەکانی هەفتەی 22ی خولی ئینگلتەرا، یانی ئارسنال لە دەرەوەی یاریگای خۆی رووبەرووی نێتینگهام فۆرەست بووەوە.

تایمی یەکەم، گەنەرز زۆرترین رێژەی کۆنترۆڵی تۆپی لابوو، چەند جارێکیش نزیکبوو لە تەماری گۆڵ، بەڵام بەهۆزی بەرگری و گۆڵپارێزی بەرنلی ڕێگری لە تەماری گۆڵکرد، بەیەک ئۆو تایمە بەبێ گۆڵ کۆتاییهات.

لە تایمی دووەم، بە هەمان شێوەی نیوەی یەکەم یاریيەکە درێژەی کێشا و سەرەڕای چەندین گۆڵانکاری، هیچ ڕێگا چارەیەکی تیپەکەی ئارتەتا بە تەماری گۆڵ سەرکەوتوو نەبوو.

سەرەنجام یارییەکە بە بە گۆڵ و بە یەکسانیی کۆتاییهات، بەم ئەنجامە گەنەرز بە کەکردنەوەی 50 خاڵ و بە جیاوازی حەوت خاڵ لەگەڵ پلەی دووەم پێشەنگی پریمەر لیگی گرتووە.

لە یارییەکانی دیکەی هەمان هەفتەش، یانەی تێتنهام بە گۆڵێک بەرامبەر بە دوو گۆڵ بە وەستهام یونایتد دۆڵا و سەندەرلاند بە بە دوو گۆڵ بەرامبەر بە گۆڵێک بردنەوەی بەسەر کریستاڵ پاڵاس بەدەستهێنا.